**له نووسینه‌كانته‌وه فێری وشه‌ی پیرۆزی (نا) ده‌بین**

**زۆر به‌ڕێز هاوڕێ حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن**

**ئه‌م كاته‌تان باش**

**سه‌ره‌تا سلاوێكی گه‌رمی هاوڕێیانه‌ت ئاراسته‌ ده‌كه‌ین و ده‌سته‌كانت ده‌گوشین و هیوای سه‌ركه‌وتنت بۆ ده‌خوازین و ئومێده‌وارین بابه‌ته‌كانت به‌پێزترو نووكی خامه‌ت تیژتربێ به‌رامبه‌ر به‌و كارانه‌ی ناكرێ له‌ ئاستیدا بێ ده‌نگی بنوێنرێ.**

**مامۆستا گیان، جارێ حه‌زده‌كه‌ین خۆمانت پێ بناسێنین: به‌ڕێز ئێمه‌ دوو هاوڕێی هه‌میشه‌یی بابه‌ت و نووسینه‌ به‌ پێزه‌كانتین و هه‌رده‌م له‌ چاوه‌ڕوانی به‌رهه‌می نوێی به‌رێزتین بۆ كپ كردنه‌وه‌ و ساڕێژكردنی معانات و ئه‌و كێشانه‌ی ڕۆژانه‌ به‌ ده‌ست شوانه‌كانمانه‌وه‌ ڕووبه‌ڕوویان ده‌بینه‌وه‌! ئێمه‌ دوو كارمه‌ندی به‌شی هونه‌ری ڕۆژنامه‌ی (ڕێگای كوردستان) ین به‌ناوه‌كانی (قاسم و ڕزگار) له‌ سالی (1988) ه‌وه‌ به‌بێ پسانه‌وه‌ به‌ حوكمی كاره‌كه‌مان، ئاگادار و خوێنه‌ری چاپكراوه‌كانی به‌ڕێزتین، بۆیه‌ ئێمه‌ لای خۆمانه‌وه‌ بێ ئاگاداری به‌ڕێزتان، خۆمان به‌هاوڕێیه‌كی دلسۆزی ئێوه‌ ده‌زانین له‌و ڕێبازه‌ی كه‌ گرتووتانه‌ته‌ به‌ر، له‌ بێده‌نگ نه‌بوون له‌ ئاست دیارده‌ چه‌وته‌كان، خۆمان به‌ قوتابیه‌كی سه‌ره‌تایی قوتابخانه‌كه‌ی به‌ڕێزتان ده‌زانین، دلنیابه‌ مامۆستای به‌ڕێز، خه‌لكانێكی زۆری خاوه‌نی به‌رژه‌وه‌ندی، نووسین و ڕه‌خنه‌كانی ئێوه‌یان پێ ژانه‌ سه‌ره‌، قسه‌ی بێ سه‌رو به‌ره‌، پێیان له‌ كه‌داركردنی ئه‌زموونه‌كه‌یه‌! به‌لام بڕوا بكه‌ (حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن) ێك ڕه‌نگه‌ به‌ته‌نها نه‌توانێ هه‌موو شتێك بكا، بۆیه‌ میلله‌ته‌كه‌مان موحتاجی به‌ كۆمه‌لێ (حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن) هه‌یه‌، له‌بری ته‌نها دوو چاوی به‌ڕێزتان، كۆمه‌لێ چاو موتابه‌عه‌ی كاره‌كانمان بكات، به‌لێ خامه‌یه‌ك به‌ دلنیاییه‌وه‌ ناتوانێ سه‌نگه‌ر به‌رامبه‌ر كۆمه‌لێ كردار و ڕه‌فتاری ناشارستانی بگرێ، ده‌بوو ڕۆشنبیران نووكی خامه‌كانیان (حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن) ئاسا بخستایه‌ته‌ گه‌ڕ بۆ خزمه‌تی میلله‌ته‌كه‌مان، بۆ سه‌نگه‌ر گرتن دژی ئه‌نفالچییان.**

**ئه‌م قسانه‌مان به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك به‌ مجامه‌له‌ی تێنه‌گه‌یت، به‌لكو پێمان حه‌قیقه‌ته‌ و له‌ دل و ده‌روونمانه‌وه‌یه‌. ئێمه‌ له‌ مێژه‌ ده‌مانویست نامه‌یه‌كت بۆ بنووسین و هاوڕییه‌تی خۆمانت بۆ ڕابگه‌یه‌نین، به‌لام ئه‌دره‌سی ئێوه‌مان نه‌ده‌زانی، جارێك له‌ هاورێ جه‌لال ده‌باغ داوای ئه‌دره‌سی ئێوه‌مان كرد، لای نه‌بوو، دوای ئه‌وه‌ له‌ڕێی (باوكی تارا) وه‌ ئه‌دره‌سه‌كه‌مان ده‌ست كه‌وت و ئێستاش ئه‌و فرسه‌ته‌ ڕێكه‌وت بۆ ئه‌وه‌ی خۆمان به‌ ئێوه‌ بناسێنین و چاوه‌ڕێی به‌رهه‌می**

بەڕێزتین. بەڵێ بە خوێندنەوەی هەر نووسینێکت چەند جارێك نەك هەر جاڕس نابین، بەڵکو ورەی پتەو و خۆڕاگری زیاترمان پێ دەبەخشێ، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی پەنجە بۆ هەڵەو کەم و کووڕییەکان ڕاکێشین، لە بابەت و نووسینەکانتەوە فێری وشەی پیرۆزی (نا) ببین، هەرچەندە لەم ڕۆژگارە تاڵەی ئێستادا وشەی (نا) باجی گەورەی لەسەرە.

لەگەڵ ڕێزو سلاّوی دووبارەمان

هاوڕیانت

قاسم نۆکانی و ڕزگار حەساری

هەولێر

2002/2/28